





# ستۆدیۆی نوکتە



* کابرایەک دەستی دەخاتە نێو تیزاب، کە دەریدەهێنێت، دەستی نەماوە، سەری دەخاتە ناوی تا دەستی بدۆزێتەوە.

* کابرایەک بە کراس و بێجامەوە راوی دەکرد، کە هۆیەکەیان لێ پرسی، گوتی: تا ئاژەڵەکان وا بزانن نووستووم.

* واحد سأل محشش، قال : أمك حيه ؟ قال : لا عقرب، قال : أقصد عايشه ؟ قال : لا خديجه !



* یەکێک لە گوندەوە دێتە شار، لە یەکێک لە شەقامەکانی شار، ئۆتۆمبێلێکی جۆری (هامەر) لێی دەدات، کە دەیبەنە نەخۆشخانە و پرسیاری لێدەکەن، چی خۆی لێداوە، دەڵێت: موەلیدەکی زەرد بوو.

* گەنجێک لە قۆناخی یەکەمی کۆلیژ، یەکترناسینی لەگەڵ کچێکی هاوپۆلی پێ دەکرێت، لەبری ئەوەی بڵێت خۆشحاڵم، دەڵێت « وەڵا خەنی بووم لە خۆشییان».

* کەچەڵێکی بێ شانس چپسێک دەکرێت، ئەوانەی کە دیارییان تێدایە، کە دەیکاتەوە (شانە)یەکی بۆ دەردەچێت.

* کابرایەک گوێی لێ بوو، کە نرخی رۆژنامەکان گران دەبێت، چوو لە یەک رۆژدا کۆمەڵێک رۆژنامەی کڕی.

* فيه لبناني تعرف على يمني قاله هذي زوجتي باسكال.قال اليمني وهذي زوجتي بانعال.



* کابرایەک چووە بازار رۆژمێرێک بکرێت بە دوکاندارەکەی ووت رۆژمێرێکم بدێ پشووی زۆر تێدا بێت.

* تورکێک شووی بە سوودانییەک کرد، منداڵێکیان بوو ناویان لێنا ((تراکسود)).

* کەرێک چاوی رەش کرد بوو و بە بازاڕ دەسووڕایەوە، خەڵکەکە بەشێوەیەکی زۆر سەیر تەماشایان دەکرد و سەریان لێ سووڕ ما بوو، ئەویش بە تووڕەییەوە، هاواری کرد « چییە!! بۆ وا تەماشام دەکەن؟ دەڵێی قەت مامزتان نەبینیوە؟!!»

* کوڕە بێژەرێکی کەناڵی عەرەبییە، کچەبێژەرێکی کەناڵی جەزیرە دەخوازێت، منداڵێکیان دەبێت، ناوی لێ دەنێن «خبر عاجل».

* کابرایەک کە ساڵانێک ردێن و سمێڵێکی زۆری هەبوو، بڕیار دەدات بیتاشێت، کە دەیتاشێت دەچێتە نێو برادەرەکانی و بە تەعەجوبەوە پێیان دەڵێت « ئای کە سەیرە!! دەزانی ناتاناسمەوە!!»

* کابرایەکی گێل، چووە دوکانێک و پێی گووت: نانەقەیسیتان هەیە؟ کابرا گووتی : نەخێر. یەکسەر کابرای گێل چووە دوکانەکەی تەنیشتی، گوتی: کاکە ئەی تۆ؟

* کابرایەک زۆر تەنگاو بوو، نەیدەزانی چی بکات، هیچ ئاودەستێک لەو ناوە نەبوو، یەکسەر چووە دەرمانخانەیەک، گووتی: کاکە ئەرێ دەرمان مشکتان هەیە؟ ئەوانیش گوتیان: نەخێر. یەکسەر کابرا لە ناوەندی دەرمانخانەکە، بەتاڵی کرد و گووتی: چما گوو لە دەرمانخانەیەک ناکەم، دەرمان مشکی نەبێت!!

* خێڵێک ژنێکی بەسەر ژنەکەیدا هێنا، دەرچوو هەر ژنەکە خۆیەتی!

* دوو کەس لە رۆژی «منع تجول» دێنە دەرێ، تا بزانن «منع تجول» چۆنە! هەر ئەو دوو کەسە بڕیاریاندا کە بەشداری خۆپیشاندانێک بکەن، بەڵام کە بینیان قەرەباڵغە، گوتیان : بەیانی دێینەوە.